# ژنکوشتن و ڕۆڵی ژنان تێدا

**کۆمەڵگای ئێمە کەسانێکی هومانیست و مروڤ دۆستی دەوێ،**
**هەر وەکو زاناو ئاینی و فەیلەسوفی گەورەی هۆڵەندی ئیرازموس**

**بێریڤان جەمال حەمە سەعید**



کارەساتی توندوتیژی، جا چ بە ناوی پاراستنی شەرەفی خێزان یاخود بە بیانوی هەرکێشەیەکی ترەوە بێت، هەر تەنها لە چوارچێوەی کوردستاندا ناخولێتەوە، بەڵکو لە کۆمەڵگای هۆڵەندیشدا بە ئاشکراو بە نهێنی ڕەنگی داوەتەوە.

لە سەرەتاکانی ساڵی دووهەزاردا، لە دوای کوشتنی چەند ژنێکی کورد و تورک لە لایەن کەسوکاری خۆیانەوە، کێشەکە سەرنجی بۆ کەناڵەکانی میدیا ڕاکێشا و دوابەدوای ئەوەش بوە خاڵێکی گرنگی ئەجندای حیزبە سیاسیەکان، دیارە بۆ دۆزینەوە و گەڕان بە شوێن ڕێگە چارەسەردا، پێداویستی لێکۆڵینەوە و ئاماری جیاجیای دەوێ نمونەش لە ساڵانی 2004 و 2005 دا لە لایەن وەزارەتەوە چەند لێکۆڵینەوە و ئامار ئەنجام درا و جێبەجێ کران.

لە لێکۆڵینەوەیەک* لە ئەمستردام دەرکەوتوە، کە کارمەندانی دەزگا کۆمەلایەتی و پۆلیس و قوتابخانەکان لە کاتێکدا ڕووبەڕوی کێشەی" توندوتیژی بە ناوی شەرەف"، دەبنەوە هەستی دەستەوەستانی و بێچارەیی ڕوبەڕویان دەبێتەوە لە بەر ئەوەی لە لایەک نازانن چۆن مامەڵە بکەن و چۆن بەربەستی سەرهەڵدانی کێشەکە بکەن لە لایەکی تریشەوە ئاڵۆزی کێشەکە خۆی لە خۆیدا گرفتێکی ترە، بۆ کارمەندان ئاسان نیە چۆن ئەم جۆرە توندوتیژییە لە توندوتیژەکانی تر جیا بکەنەوە، دیارە ئەنجامدانی کێشەکە چەند ڕێگایەکی جیاجیای لە خۆگرتوە، (لێدان، لوتبڕین، حاشالێکردن، بە زۆر بە شوودان بە پیر یان پەکەوتە ، تێزاب بەکارهێنان، ڕفاندن، سووککردن و هەڕەشەکردن جنێودان و کوشتن...هتد.)

لێرەوە ناسینەوەی سەرەتای دەسپێکردنی کێشەکە لە کاتی خۆیدا و هەوڵدان بۆ ئیشارەتکردنی کێشەکە کارێکە ئاسان نیە و شارەزایی و پسپۆری زۆر دەگرێتەخۆ هەمانکات ڕێگا چارەسەری تایبەت و میتۆدی جیاوازی دەوێت.

ڕوونتر بڵێین ئایا سەرەتای توندوتیژیەکە لە کوێیەوە سەرچاوەی گرتوە؟ ئایا لێدانی ژنەکە یان کچەکە لەوەوە دەستی پێکردوە، کە بە پێوانەی نۆرمی تاوانبار، شەرەفی خێزانی شکاندوە؟ یاخود تاوانبار خۆی دەمارگیرە و بیانووی هەبێت یان نەبێت هەڵدەچێت و ئارەزوی ئازاردانی هەیە، یان تاوانبار کێشەی ئەلکهولی هەیە، یان قومار چیە و دۆڕاندویەتی یاخود دڵپیسە و شوێن وەهم و خەرافیاتی شەرەف کەوتووە..؟

ئایا چۆن مامۆستاکان ئیشارەت بەوە بدەن، کە کاتێ قوتابیەکە غائبە لە ژێر هەڕەشەی براو باوک دەرگای لە سەر داخراوە و چوونە دەرەوەی لێ قەدەغەکراوە..؟ یاخود ڕفێنراوەو لە وڵات کوژراوە. یان بە پەلە دراوە بە شوو بۆ ئەوەی شەرەفی خێزان نەشکێنرێت. بە واتایەکی تر ئایا کێشەیەکە لە ئەنجامی توندوتیژی بە ناوی شەرەفەوەیە. یاخود غائبە لە مەکتەب بە هۆی کێشەی ترەوە. .؟؟
چۆن بتوانرێت زانیاری دروست کۆبکرێتەوە لە کاتێکدا کچەکە لە ترسدا توانستی قسەکردنی نەبێت

یاخود لە گشت کەسێک دابڕاوە و ونبووە و کەسو کاریشی هەڵهاتون.
لە شاری دەنهاگ لە نێوان ساڵی 2004 –2005 دا نزیکی 119 گەنج ڕوبەڕوی کێشەی توندویژی بونەوە، 11 گەنج لە ئەنجامی تۆڵەی شەرەف کوژراون.
ئاشکرایە ناسینەوەی ئەم جۆرە توندوتیژیە لە زووترین کاتدا بۆ فریاکەوتنی قوربانیەکە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی زۆری دەوێیت، ماوەیەکە لە ئەمستردام پسپۆرەکان سەر قاڵی دانانی پرۆتۆکۆڵ و میتۆدێکن، کە چۆن بتوانن ڕێگەچارەسەری بۆ بدۆزنەوە. .؟
دیارە کوشتنی کچە کوردی هەژدەساڵ چیمەن لە لایەن شاسوارەکەی برای لە مانگی یەکی 2005 دا زیاتر کێشەکەی ورووژاندو گرنگی وەرگرت ئەوەبوو هەر لەو ساڵەدا لێکۆڵینەوەیەک لە نێو پەناهەندەکاندا بە ئەنجام گەیێندرا، ئاکامی لێکۆڵینەوەکە شۆکێک بۆ کۆمەڵگای هۆڵەندی و شەرمەزارییەکی زۆر بوو بۆ کۆمەڵگای کوردی، لە ناو هەمویاندا، کە زیادترین ئارەزووی ژنکوشتن بە ناوی شەرەفەوە هەبوو گروپی ئەفغانی و کوردو عێراقی بوون. ماوەیەک لە مەوپێش
لەیەکێ لە کۆڕەکانی ڕێکخراوەیەکی کوردی بەشدار بوم ، گوێگرتن لە گفتوگۆی خەڵکەکە و شێوەی بیروبۆچون لە نێو ئەو گەنجە کوردانەی هۆڵەندادا هەتا ڕۆژی ئەمڕۆ شەرم دەکەم لە خۆم و لەو کۆمەڵگایەی کە تیایدا گەورەبووم، دیارە واقیعەتی ئەمڕۆی کۆمەڵگای کوردەواری خستەڕوو، بیرەکانیان بیری ناو ئەشکەوت ودوور لە هەمو شارستانیەک. لە کاتی باسکردنی کێشەی توندوتیژی بە ناوی شەرفی خێزانەوە کوشتنی چیمەن هاتە پێشەوە، ئەوەی جێی داخەو شەرمەزرایە گەلێکیان ڕەوایەتیان بە کوشتنی ئەم کچە داو هەندێک لە گەنجەکان کوشتنیان بە تاکە ڕێگا و ئاسایی دەبینی بە مەرجێک باسی کوڕو کچی گەنجی 20 و 25 ساڵی دەکەین کە لێرەدا گەورە بوون، گەر ئەمە بیروبۆچونی کچ و کوڕە گەنجەکانمان لە وولاتێکی ئازادا بێ، دەبێ بۆ گلەیی لەو خەڵکە برسییەی ئەوێ بکەین. دوو فاقییەتی ئەم گەنجانە لە وەدابوو، کە چۆن بۆ کۆمەڵگای هۆڵەندی تەمسیل دەکەن و دەریدەخەن، کە ئاشتیخوازو ڕێزدارن بەرامبەر خوشک و ژنیانیان بەڵام لە لایەکی ترەوە ژنکوشتن بە ڕەوا دەبینن.
یەکێ لە بەشدارانی کۆڕەکە کە دایکێک بوو ووتی گەر کچەکەم لە نەریتی کوردەواری لابدا شەرفی خێزان بشکێنێ دەیکوژم، پێێ گوترا کوشتن لە هۆڵەندا قەدەغەییە و سزای بەرامبەرە، دایکەکە لە وەڵامدا ووتی: ئنجا دەڕۆمەوە بۆ کوردستان لەوێ دەیکوژم! پێی وترا گریمان خۆت لە لایەن پیاوکی برسی ئاژەڵئاسایی لاقە بکرێیت، ئایا ڕەوایی کوشتن هەر بە هەقی خۆت دەزانی؟ ئنجا ژنە بێدەنگبوو نەیزانی چی بڵێ. لێرەوە دەردەکەوێ چەند نێرێنیەی کۆمەڵگامان تاوانباران لە ئەنجامدانی ئەم دڕندەییە، ژنان و دایکان و نەنک و پورەکانیش هاوکات تاوانباران، تاوانبارن لە ڕاگرتنی ئەو جەستە کۆمەڵایەتیە نەخۆشەی کۆمەڵگای کورەداری، بەشدارن لە بەجێهێنانی و دانانی پلان کوشتنی کچ و خۆشکیان، تاوانبارن لە دروست کردنی تۆمەت و قسە هێنان و قسەبردن و خۆراکدانی رۆحی پیا و بە تۆمەت و قسە ناشرین.
لە هەمووی کارەسات تر ئەم گەنجانە باسی ڕووداوێکی دڵتەزێنیان دەکرد، کە لە دەورووپشتی هەولێر ڕویدابوو، هەر ڕوداوەکە دڵتەزێن و شۆک نەبوو، بەڵکو چەشنی گێڕانەوەی بەسەر هاتەکە بە چێژ و بەدەم پێکەنینەوە ئەوەندەی تر کارەساتەکەی سەخت تر کرد، ڕوداوەکە و جۆری گێڕانەوە واقیعی عەقڵیەتی کۆمەڵگا دڕەندە و سادیی و ماسۆشیستی دوو وفاقیەتی خستە ڕوو.
باسی ڕوداوێکیان کرد، کە چۆن دوو دڵدار لە دوکانی باوکێک لە کاتی نوێژی بەیانی بە دزیەوە

بەیەکتر دەگەن. لەو کاتەدا کەسوکار پێدەزانن لە دوکانەکە دەیانگرن، هەر دەماودەم بە خاکەناز لەوێدا سەری کچەکە پان دەکەنەوە و دەیکوژن، ئەمە کاتێک ئەم گەنجانە ئەم کارەساتەییان دەگێڕایەوە وەک نوکتە و قسەی خۆش چاوەڕوانی ئافەرین و دەستخۆشی لە کەس وکاری بکەر دەکرا. گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە پێمان دەڵێ کۆمەڵگاکەمان نەک لە سایەی ئازادی هۆڵەندا یەک هەنگاو بەرەوپێشەوە نەچووە، بەڵکو لە جەنگەڵدا خۆی دەبینێتەوە. یان هەروەک چۆن هەندێ گیاندار لە زستاندا سڕن و چالاک نین ، ئێمەش هەروەک گیانداری زستان هێشتا لە خەوداین!

پاساو هێنانەوە بۆ داب و نەریت وەستان لە ڕابوردوودا هەروەکو نیشتە دەڵێ "کەسانێکن هەر وەکو قرژانگی دەریا بەرەو دواوە مەلە دەکەن"

لە یادمە چەند ساڵانێک لە مەوپێش، کە توێژەرەوەی کۆمەڵایەتی بوم لە یەکێ کوبونەوەی پرۆفشیۆناڵەکانی دەزگای کۆمەڵایەتی و تەندروستی لە ئەمستردام باسی کێشەی کچە موسڵمانانی مەغریبی لە چکپۆش کرا، کە چۆن ئەم کچانە دەچن بۆ فرەنسا بۆ کاری نەشتەرگەری دوورینەوەی پەردەی کچێنیان، باسکرا تا چ ڕادەیەک لە ڕووی ئەییتک و مۆراڵەوە دروستە ئەم کچانە لە هۆڵەندەش هاوکاری بکرێ! ئایا دەکرێ گەر کچێک توشی ئەم کێشەیە بێت، پشگیری بکرێ و ڕزگار بکرێ یاخود دەزگاکانیش ڕووبەڕوی کێشەی ئەتیک و مافەکانی یەکسانی دەبنەوە.

ئایا ئەمەیە کۆمەڵگای تەندروست، کە تاکەکانی لە بەر نەریت و کەلتور یەکتر دەخڵەتێنن ، کاتێ خاڵی دەستپێکردنی ژیانی هاوسەری بە ناو" خۆشەویستی" بە درۆ دەلەسە دەستپێدەکات، ئەم کچانە پێش شوکردنیان دەبێ بۆ شاسوارەکانیان دەریخەن کە کچن و پاکیزەن، گەر چی هەموو بە ساختە و درۆی یەکتر ئاشنان، کەچی وادەریدەخەن، کە هێشتا هەڵگری نەرییە پیرۆزەکان و بەجێدەهێنن، ئەدرسی دکتۆر دەگۆڕنەوە چ دکتۆرێک ئەم کارە دەکات و چەندی تێدەچێت! بەڵام زۆرینەشیان لەچکپۆش و ڕەمەزان دەگرن ؟!

دەشێ بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا هێزی گشت کەسێک لە هەمو چین و توێژە جیاجیاکان هەوڵ و خەباتێکی گرنگی دەوێت، کە لە ڕوانگەی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتبێت هەر وەکو چۆن زاناو ئایینی و فەیلەسوفی گەورەی هۆڵەندی سەردەمی ڕەنسانس ( ئیرازموس 1536–1466) بە زمانی ڕوون وئاشکرا ڕەخنەی لە هەناوی کەنیسەو هەڵسوکەوتی قەشەو گەندەڵی و فەسادی درۆو دەلەسە و دۆگما کاتۆلیکی خستە روو، بۆ چاکسازی کۆمەڵگا کەموکوڕی ژن و قسە و باسیهێنانیان و خراپی پیاوی مەسیحی خستەروو، کۆمەڵگای ئێمەش کەسانێکی هومانیست و مرۆڤدۆستی دەوێ، هاوکات هەڵوەشانەوەی ئەو نەرییت و بەهاو باوەڕانەی بێت، کە پاشماوە و سێبەری ئەو دەسەڵاتەن، مرۆڤی بەرز هەوڵدەدات ڕەگ وڕیشەی دۆگما و بەهاکان بە تەواوی لە نێو زەمینەی بیرکردنەوەیدا هەڵکێشێ و ئاسەواریان بسڕێتەوە، کەسانێکمان ناوێت، کە بۆ پاوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان کێشەی توندوتیژی ژن بکەنە بیانو خەریکی وێرانکاری کۆمەڵگامان بن.

volkskrant 7 november 2006 *

Desiderius Erasmus*